سەرۆک کۆمار بەبۆنەی یادی شەهیدکردنی سەید محمد باقر سەدر سەرخۆشی ئاڵاستە بنەماڵەی سەدر دەکات



سەرۆک کۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید ئەمڕۆ سەشەممە بە یادی شەهیدبوونی سەید محمد باقر سەدر سەرخۆشی ئاڵاستەی بنەماڵەی سەدر کرد.

سەرۆک کۆمار لە بلاتفۆرمی x نوسیویەتی:- لەسالیادی شەهید بوونی سەید محمد باقر سەدر و دامانی دکتاتۆریەت، ئەو قوربانیدانە یاددەکەینەوە کە شەهید سەید سەدر لە بەرەنگاربوونەوەی دکتاتۆریەت پێشکەشی کرد، لەوماوەیدا عەڕاقیەکان هەموو پێکهاتەکان قوربانیاندا بۆ ڕزگاربوون لەو ستەم و زۆرداریە.

بەم بۆنەیەوە پەیوستە جەخت بکەینەوە سەر یەکێیزی نیشتیمانی بەهەموو هێزە سیاسیەکان و چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان لەپێناو پاراستنی دەستکەوتەکان و ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی کارەسات ومەینەتیەکان.